# زمانی کوردی و کێشەکانی

## دیالۆگێک لەگەڵ دوکتور رەشید قەرەداغی

کوردناسی: سەبارەت بە پێناسەی زمان روانگەگەلی جۆراوجۆر هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمان زیاتر ئامرازێکی پێوەندی یە بەڵام بەشێک لە زمان ناسەکان زمان بە گشتی لەم چوارچێوەدا پێناسە ناکەن و زیاتر گرینگی زمان لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا دەبینن. ئێوە وەک توێژەرێک کە خوێندنەوەتان لە بوارەکانی زمان و وەرگێڕاندا هەبووە زمان چۆن پێناسە دەکەن؟

د. رەشید قەرەداخی: زمان بریتیی یە لە گرنگترین هۆی ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و گۆمەڵگادا. زمان ڕێی سەرەکی یە بۆ دەربڕینی بیروڕا و خۆشی و ناخۆشی و هەست و نەستی مرۆڤ بە دەم، واتا بە گوفتار، یا بە نوسین. هەروەها زمان پێناسەی مرۆڤ و گەلە چونکە مرۆڤ بوونی خۆی و پێناسەی خۆی لە زمانەکەیدا دەبینیٚ.

هەر بۆیە ڕێگە گرتن لە مرۆڤ کە بە زمانی دایکی ی خۆی بخوێنیٚ و بەکاری بهێنیٚ لە ژیانی رۆژانەیدا تاوانێکی ئەوەندە گەورەیە چونکە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بە کەم و بیٚ بایەخ بزانیٚ.

کوردناسی: بۆچی خوێندنەوە و لێکوڵینەوە لە بواری زمانناسیدا لەم سەردەمەدا گرینگی زیاتری هەیە وەک لە رابردوودا هەیبوو؟

د. رەشید قەرەداخی: خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری زمانناسیدا لەم سەردەمەدا گرنگی یەکی تایبەتی هەیە و زیاتر لە ڕابوردو چونکە دەتوانین بڵێین ئەم سەردەمە سەردەمی پەیوەندی یە لە نێوان مرۆڤ و گەلاٚن و وولاٚتاندا و زمانیش ڕێی سەرەکی یە بۆ دروست کردن و پتەوکردن و درێژە پێدانی ئەو پەیوەندی یە. تەکنۆلۆجیوە بەتایبەتی ئێنتەرنێت جیهانی وەک دێیەک لیٚ کردووە و ئەگەر بچوکترین شت ڕوو بدات لە هەر کونجێکی جیهاندا یەکسەر هەمو جیهان پیٚ ی دەزانێت بە هۆی ئنتەرنێتەوە. ئنتەرنێتیش زمان بەکاردەهێنیٚ بۆیە ئەوانەی لە بوواری زمانناسیدا کار دەکەن دەیانەویٚ زمان پەرە پیٚ بسەندن بۆ ئەوەی زمان بتوانیٚ بە باشی بەم ئەرکە نویٚ و ڕۆژ بەڕۆژ گرنگترەی هەڵسیٚ.

کوردناسی: لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێرن لە هەرێمی زمانەوانەیدا کورتکردنەوەی وشەکان و بە کارهێنانی وشەگەلی ئینگلیزییە. چ جیاوازی یەک دەبینن لە نێوان گفت و گۆ گشتییەکانی رۆژانەی ناو کۆمەڵگا لەنێوان گەنجان و گەورەساڵاندا؟

د. رەشید قەرەداخی: کورتکردنەوەی ووشە بەشێکە لە تایبەتمەندی ئەم سەردەمە کە دەتوانین ناوی بنێین "سەردەمی پەلە". ئەم دیاردەی ووشە کورتکردنەوەیەش بە تایبەتی لە گەنجەکاندا زیاتر دەبینریٚ چونکە گەنج کەم ئارامە و زیاتر دەیەویٚ مەبەستەکەی بدا بەدەستەوە بیٚ گوێدان بە باش و خراپیی ئەو زمانەی بەکاری دەهێنیٚ و ئەگەر ووشەکان نیوەیشی بتاشیٚ بەلایەوە گرنگ نییە.

جۆرە کورتکردنەوەیەکی تر هەیە کە لە ئینگلیزیدا زۆرە وەک (USA, EU, UN ) بەڵام لە کوردی و عەرەبی و فارسیدا ئێجگار کەمە) یا هەر نییە چونکە ئەم زمانانە بە ئاسانی ڕێ ی ئەو کورت کردنەوەیە نادەن. ئەم جۆرە کورت کردنەوەیە شتێکی باش و ئاسانکەرە چونکە ئەم ووشە یا دەستە ووشە کورت کراوانە ئەوانەن کە زۆر بەکار دەهێنرێن وە هەمو جار لە باتی ئەوەی دەستە ووشەیەکی دووورودرێژ بەکار بهێنیت کورتەکەی بەکار دەهێنیت.

بەکارهێنانی ووشەگەلی ئینگلیزی مەسەلەیەکی جیاوازە و هۆکەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ زمانی ئینگلیزی زیاتر دەچەسپێ وەک زمانی یەکەمی جیهان و هەمو کەس وا بە پێویست دەزانێ فێری بێ و بەکاری بهێنێ. هەندێ کەس کە بە زمانی خۆیشی قسە دەکات یا دەنوسێ ووشەی ئینگلیزی تێ دەخات چونکە یا لە زمانەکەی خۆیدا ئەو ووشانە نین، یا نایزانێ، یا ئەوەی دەیەوێ بیڵێ بە زمانەکەی خۆی باش پێی دەرنابڕێ، یا خووی گرتووە بە بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزییەوە و لەبەر تەمەڵی نایەوێ بیر لە بەکارهێنانی ووشەی زمانەکەی خۆی بکاتەوە، وە یا خۆی پێوە بادەدات. زۆر بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزی دەبێتە شتێکی نابەجێ بەتایبەتی ئەگەر گوێ گر یاخوێنەر مانای ئەو ووشانە نەزانێ چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە بابەتەکە باش تێ نەگات لەبەر زۆر بەکارهێنانی ئەو ووشە ئینگلیزی یانە.

کوردناسی: گرفتە ناوەکی و دەرەکی یەکانی زمانی کوردی لە چیدا دەبینن؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ دەرباز بوونی زمانی کوردی لە گرفتە کلاسیکی و ساختارییەکانی؟

د. ڕەشید قەرەداخی: ئەم پرسیارە پێویستی بە کتێبێکە بۆ وەڵام دانەوەی، بەڵام بە کورتی دەمەوێ بڵێم یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکی یەکانی زمانی کوردی بوونی چەند شێوە زمان/ شێوە زار/ دایەلێکتە کە وای کردووە بۆ نموونە کوردی باشور و باکوری کوردستان بە ئاسانی و باش لەیەکتر نەگەن. هەر بۆیە لەم ماوەیەدا دەیان ووتار نوسراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و من لەو بڕوایەدام دەبێ کات چارەی ئەم کێشەیە بکات وە بەزۆر یا بە قانون ناکرێت. ڕاستە ناتوانین بڵێین هەر کەسە بە هەوەسی خۆی بنوسێ چونکە هەمو نەتەوە یەک پێویستی بە زمانی یەکگرتو (ستاندەرد) هەیە. بەڵام ئایا چۆن دەگەینە چارەیەک، واتا زمانێکی یەکگرتو، کە بە دڵی هەمو لایەک بێت و هەمو لایەک بچن بە پیرییەوە؟ بەلای منەوە دەبێ لە ڕێی سەلماندنەوە بگەینە ئەو چارەیە نەک لە ڕێی بەسەر سەپاندندا.

کێشەی دووەمی سەرەکی ی زمانی کوردی شێوەی نوسینەکەیەتی. ئایا باشترە کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ یا بە تیپی عەرەبی؟ وەک دەزانین ئەم مەسەلەیە کۆنە و چەندەها ووتاری لەسەر نوسراوە بەتایبەتی لەم ماوەیەدا بێ ئەوەی هۆیەکی بەهێز و پێ سەلمێنەر و یەک لایی کەرەوە هەبێ کە ڕێگە خۆش کا بۆ ڕێکەوتنێکی گشتی و بەجێ لەسەر ئەم کێشەیە چونکە هەردو شێوە نوسینەکە لایەنی باشیش و خراپیشیان هەیە. ئەم کێشەیەش، هەر وەک هی یەکەم کە باسمان کرد، بە قانون و بە زۆرەملێ چار ناکرێت بەڵکو دەبێ زمانەوانی کورد و نوسەر و شاعیر کۆببنەوە و بگەنە ڕێکەوتنێک کە لەبەرژەوەندی زمانی کوردی و گەلی کورد بێ. ( لە وەڵامی پرسیاری (١٠)دا زیاتر دەچینە ناو مەسەلەکەوە).

کێشەی سێهەمی سەرەکی ی زمانی کوردی نەبوونی زاراوەی جۆراو جۆری پێویستە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی بەپێی پێویست خزمەت نەکراوە چونکە گەلەکەمان هەمیشە چەوساوە بووە و دەوڵەتێکی کوردی نەبووە تا هەوڵ بدات زمانەکە گەشە پێ بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوژمنەکانی دەوروبەری نەک هەر ویستویانە بیکوژن و بیبڕن بەڵکو ویستویانە زمانەکەشی لەناوبەرن و گەلێکیان هەر بە زمانیشی دانانێن. جا لەچاو ئەو مێژووە سەخت و نەیارەی زمانی کوردی پێیدا ڕۆیشتووە هێشتا هەر باشە کە لەم بارودۆخەی ئێستایدایە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەلی کورد هەمیشە بایەخێکی زۆری داوە بە زمانەکەی و پێناسەی خۆی لە زمانەکەیدا دیوە.

هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هیچ چەرخێکدا زمانی کوردی پشتگیری و یارمەتی دەوڵەتی ی نەبووە کەچی هەر ماوە و بگرە تا ڕادەیەک لەپەرەسەندنیشدا یە ئەویش بە هەوڵ و کۆشش و کۆڵ نەدانی نوسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد بووە کە زمانەکەیان پاراستووە.

ئەوەیشی شایانی باسە ئەوەیە کە لەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا زمانی کوردی ئێجگار پەرەی سەندووە و شتی زۆر باش کراوە بۆ دەوڵەمەند کردن و فراوانتر کردنی بەتایبەتی لە ڕووی زاراوە و ووشەی جوان و بەجێ و سەردەم و داتاشراوەوە کە لە ناخی زمانەکەوە هاتون. بەڵام دەبێ زۆر ووریابین و پاکی و ڕەسەنی زمانەکە بپارێزین. لەگەڵ ئەوەشدا کە کاری باش کراوە بۆ پەرەپێدانی زمانەکەمان زۆر بەداخەوە هەندێ ووشە و زاراوەی بێ تام و ناقۆڵا خەریکە جێی خۆی دەکاتەوە لەناو زمانەکەدا و تێکی دەدات چونکە وەرگێڕانێکی دەقاودەق و ووشە بە ووشەیە بەتایبەتی لە عەرەبی یەوە و هیچ جۆرە ڕەسەنی یەک و مانابەخشینێکی تێدا نابینرێ.

کوردناسی: ئەو ڕوانگانەی کە هەنووکە لە نێوان زماناسە کوردەکاندا سەبارەت بە چاک کردنی زمانی کوردی،دۆزینەوە و هەروەها دروستکردنی وشە بۆ زمانی کوردی بوونیان هەیە بە چەند بەش و گروپ دابەش دەکەن؟ مێژووی ئەم چالاکی یانە بۆ کەی دەگەرێنەوە؟

د. ڕەشید قەرەداخی: مێژوی هەوڵی چاک کردنی زمانی کوردی و ووشەی تازە دروست کردن کۆنە و ئەم هەوڵە تازە نییە. ڕووانگەی ناو زماناسە کوردەکان دەربارەی چاک کردنی زمانی کوردی و ووشەی تازە داتاشین زۆرە و هەر زماناسە لای خۆیەوە خەریکە و ڕای خۆی دەردەبڕێ بەڵام تا ئێستا لەبەر بارودۆخی نالەباری گەلەکەمان زماناسەکانمان نەیانتوانیوە یەک بگرن و هەوڵ بدەن زەمینەیەک خۆش بکەن بۆ بەراوورد کردنی بەرهەمەکانیان و لێ دووان و تاوتوێ کردنی بۆچونەکانیان تاکو بگەنە یەک دەنگ ویەک ڕا.

کوردناسی: چۆن چۆنی خەسارەکانی زمانی کلاسیکی کوردی شیکار دەکەن؟ زمانی زانستی کوردی چۆن پێناسە دەکەن؟

د. ڕەشید قەرەداخی: لەو بڕوایەدا نیم زمانی کلاسیکی کوردی تووشی هیچ خەسارەیەک بووبێ. زمانی زانستی ی کوردی هێشتا ساوایە و پێویستی بە خزمەت کردنێکی زۆر هەیە لەڕێی دۆزینەوە و دروست کردن یا داتاشینی زاراوە و ووشەی زانستیی شیاو و مانابەخشەوە و

وەرگرتن یا خواستنی ئەو زاراوانەی کە ناتوانرێ لە کوردیدا بەرامبەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە لە زمانەکانی ترەوە بەتایبەتی ئینگلیزی کە زمانی زانستی ی جیهانە.

کوردناسی: بزوتنەوە ئیدۆلۆژی یەکانی ناو کوردستان وەک ئیسلامی، مارکسی، ناسیۆنالیستی و لیبرالەکان چ کاریگەری یەکیان لە سەر بواری تایبەتی (تخصصی) و گشتی زمانی کوردی هەبووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەر کەم لەم بزوتنەوانە بە شیوازی تایبەتی خۆیان و بە چەشنی جۆراوجۆر کەڵکیان لە زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەگەلی جیاوازیان بە زمانی کوردی زیا کردووە یان لێیان کەم کردووە؟

د. ڕەشید قەرەداخی: بێ گومان هەر یەک لەم بزوتنەوە ئیدیولۆژیانە کەم تا زۆر کاری خۆی کردۆتە سەر زمانی کوردی نەک ئەوەندە لە بوواری تایبەتیدا وەک لە بوواری گشتیدا. بۆ نمونە بزوتنەوەی ئیسلامی و مارکسی نەک هەر یارمەتی پێشکەوتنی زمانی کوردی یان نەداوە بەڵکو بوون بە هۆی ڕاگرتنی لە جێی خۆیدا و بگرە دواخستنیشی چونکە بڕوایان بە خزمەت کردنی گەلی کورد و زمانەکەی نەبووە و نییە و ویستویانە گەلی کورد خۆی و زمانەکەی ببنە پاشکۆی گەل و زمانی تر.

بەپێچەوانەی ئەم دوو ئیدیۆلۆژی یەوە، بزوتنەوەی کوردایەتی و کوردپەروەری هەمیشە هەوڵی پێشکەوتن و پەرە پێ سەندنی زمانی کوردی داوە چونکە بە لای کوردپەروەرەوە پێناسەی گەلی کورد لە زمانەکەیدایە و پێشکەوتنی زمانی کوردی مانای پێشکەوتنی گەلی کوردە. بزوتنەوەی کوردپەروەری هەمیشە هەوڵی داوە لەباتی ووشەی عەرەبی و فارسی، کە جاران زاڵ بوون بەسەر کوردیدا، ووشەی ڕەسەنی پەتی کوردی و ووشەی داتاشراوی تازە و جوانی کوردی بەکار بهێنرێت بۆ فراوان کردن و بوژانەوەی زمانەکە.

کوردناسی: مەبەست لە زمانی ستاندارد چییە؟ پێتان وایە زمانی کوردی تایبەتمەندی یەکانی زمانێکی ستانداردی تێدا هەیە؟ بۆچی؟

د. ڕەشید قەرەداخی: زمانی "ستاندەرد"، واتا یەکگرتو، ئەو زمانەیە کە هەمو ئەو کەسانەی کە زمانی دایکی یانە و ئەوانەیش کە فێری بوون بتوانن تێی بگەن و قسەی پێ بکەن و خوێندەوارەکانیشیان بتوانن پێی بنوسن. ئەم زمانی " ستاندەرد"ەیش لە هەندێ زمانی وەک عەرەبیدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا. بەڵام لە هەندێ زمانی تری وەک ئینگلیزی و کوردیدا جیاوازی یەکەی ئەوەندە نییە. زمانی کوردیش وەک هەمو زمانێکی تر تایبەتمەندییەکانی زمانی "ستاندەرد"ی تێدایە و هیچی لە زمانەکانی تری جیهان کەمتر نییە تەنها ئەوەیە کە وەک هەندێ زمانی وەک ئینگلیزی و عەرەبی ...هتد دەوڵەمەند نییە لە ووشە و زاراوەی زانستیی سەردەمدا نەک لەبەر ئەوەی کەم و کوڕییەک لە زمانەکە خۆیدا هەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی خزمەت نەکراوە چونکە کورد هەرگیز دەوڵەتێکی نەبووە تا هەوڵی پەرەپێ سەندنی بدات.

کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئەگەر فۆڕمی نوسینی زمانی کوردی-سۆرانی بگۆڕدرێ و بە گشتی دەق و نووسینەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتین بنووسرێ (وەک کوردی کرمانجی) کاریگەری لە

سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا نابێ؟ بە گشتی ڕاتان سەبارەت بە زمانی لاتینی کوردی چییە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئەم پلانە ئیمکانی سەرگرتنی هەیە؟ بۆچی؟

د. ڕەشید قەرەداخی: هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری ژمارە (5)دا ئاماژەم پێدا، ئەم کێشەیە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی زمانی کوردی کە ئێستا بەرەوڕووی بوینەتەوە و دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. ئایا باشترە زمانی کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ یا بە تیپی عەرەبی؟ ئێمە کە وەک زماناس باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین دەبێ بەگوێرەی توانا لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی هەڵوێست وەرگرین نەک لەسەر بناغەیەکی سیاسی یا ئاینی ئەگەرچی هەمو شتیش لە ژیاندا پەیوەندی هەر هەیە بە سیاسەتەوە کەم تا زۆر. من تا ئێستا چەند بیرم لەم کێشەیە کردۆتەوە هێشتا نەم توانیوە خۆم بخەم بە لایەکدا و بڵێم ئەمەیان باشترە لەوەی تر.

ئەم کێشەیە هەروا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر نادرێ. کورد کە لە هەر لایەکی کوردستانی پارچەپارچەکراو بە جۆرە تیپێک نوسیبێتی بەخۆشی خۆی نەبووە و لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا نەبووە بەڵکو بە زۆر دەوڵەتی داگیرکەر سەپاندویەتی بەسەریدا. جا ئێستا کە گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا نیمچە ئازادییەکی دەستکەوتووە و دەپرسین ئایا بۆ دوارۆژی گەلەکەمان و زمانەکەمان وا باشترە بە تیپی لاتینی بنوسین یا هی عەرەبی دەبێ لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر بنەمایەکی زمانەوانی بێ بە شێوەیەکی سەرەکی. دەبێ بپرسین: چی جۆرە تیپێکیان لە هەمو ڕوویەکەوە گونجاوترە بۆ نوسینی کوردی؟

بۆ نمونە، ئەگەر لە ڕووی دەنگەکانەوە سەیرکەین دەبینین هەر دوو جۆرە تیپەکە گونجاون بۆ نوسینی کوردی. ڕاستە ئەوەتی کورد دەنوسێ زۆربەی زۆری نوسینەکانی بە تیپی عەرەبی بووە، جگە لە نوسینی کوردستانی باکور و یەکێتی سۆڤیەتی کۆن لە مێژوی تازەدا، وە پشتاوپشت ئێمە وا ڕاهاتوین بەو تیپە بنوسین. بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ کە ناتوانین بیگۆڕین بە مەرجێ ئەو گۆڕینە لە بەرژەوەندی گەلی کورد و زمانەکەیدا بێ. بەلای منەوە گەورەترین سودی نوسینی کوردی بە تیپی لاتینی ئەوەیە کە دەروازەیەکی فراوان دەکاتەوە لە نێوان زمانی کوردی و زۆربەی دانیشتوانی تری جیهاندا بەتایبەتی هی وڵاتە ڕۆژاواییەکان وە ئەمەش بە سوود دەگەڕێتەوە بۆ گەلەکەمان. وە ئەگەر بە لای زۆرینەی ڕۆشنبیران و زمانەوان و نوسەرانی کوردەوە وا باشتر بوو کە کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ ئەوا بە ڕای من دەتوانرێ کارەکە ئانجام بدرێ و بەباشی.

بۆ نموونە لە وڵاتی ئازربایجان بە ئەلف و بێی (سیریلیک) دەیان– نووسی لەکاتی یەکێتی سۆڤیەتدا هەر وەک زمانی ڕوسی. بەڵام لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە لە ئازربایجان ئەلف و بێی لاتینی بەکار دەهێنن و کێشەیشیان نییە.

کوردناسی: چ وڵامێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە رۆشنبیر و زمانناسانەی وڵاتانی دەسەڵاتدار کە زمانی کوردی بە زاراوە یان بەشێک لەزمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن؟

د. ڕەشید قەرەداخی: ئەوانەی زمانی کوردی بە زاراوە یان بە بەشێک لە زمانی عەرەبی، فارسی، یا تورکی دادەنێن نە زمانەوانن و نەڕۆشنبیر و ڕا چەوتەکەیان هەر شایستەی وەڵامدانەوەیش نییە. ئەو کەسەی قسەی وا بکات دیارە هیچ لە زمان و زمانناسی نازانێ و دەیەوێ هەستی ڕەگەزپەرستی خۆی و دژایەتی گەلی کورد بسەپێنێ بەسەر زمانەکەیشیدا. ئەو کەسانە دەیانەوێ هەر وەک چۆن خاکەکەیان داگیر کردوین و مافی هەمو شتێکیان لێ سەندوینەتەوە بە هەمان شێوە زمانەکەیشمان داگیر کەن و ئەو پێناسەیەشمان لێ بسەندنەوە. هەر وەک ئاشکرایە بۆ ئەوانەی نەختێک لە بواری زماندا شارەزاییان هەبێ هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانناسان زمانی کوردی یان بە زمانێکی ڕەسەن و تەواو و سەربەخۆ داناوە و بە بەشێک لە زمانە هیندۆ – ئێرانییەکان کە لقێکە لە کۆمەڵەی زمانە هیندۆ– ئەوروپییەکان. ڕاستە کوردی ووشەی زۆر وەرگرتووە، بەتایبەتی لە عەرەبی و فارسی و تا ڕادەیەکیش تورکی و ئینگلیزیەوە هەر وەک ئەم زمانانەش ووشەیان لە یەکتر و لە کوردیش وەرگرتووە، بەڵام ئەم ووشە وەرگرتنە یا خواستنە نە زمانی کوردی دەکات بەیەکێک یا بەشێک لەو زمانانە و نە یەکێک لەو زمانانەش دەکات بە زمانی کوردی.

کوردناسی: پێناسەی ئێوە بۆ تیئۆری وەرگێڕان چییە؟

د. ڕەشید قەرەداخی: وەرگێڕان هونەرێکە وەک هەمو هونەرێکی تر. پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکی باشی هەبێ لە هەردو زمانەکە و کلتوری ئەو زمانانە و ڕەگ و ڕیشە و بنچینەی ووشەدا. مەرجی سەرەکی لە وەرگێڕاندا ئەوەیە کە دەقاودەق و ووشە بە ووشە نەبێت چونکە گەلێ جار ئەم جۆرە وەرگێڕانە مانای ڕاستەقینەی ڕستەکە یا ووتەکە تێک دەدات و وونی دەکات. وەرگێڕان دەبێ مانای ڕاستەقینەی ڕستە یا ووتە بدات بەدەستەوە نەک مانای ڕوکەشی.

کوردناسی: بە ڕای ئێوە زمانناسانی کورد دەبێ لە هەوڵی پاکتاوکردن و خاوێن کردنەوەی زمانی کوردیدا بن و خۆیان وشەی هاوتا و زاراوەی بۆ دروست بکەن یان گرفتێک نییە و وەرگێڕە کوردەکان لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە وشەگەلی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و باقی زمانەکانی تر کەڵک وەرگرن لەو کاتانەدا کە وشەی کوردی بۆ نەدۆزرێتەوە یا خود تێگەیشتنی بۆ خەڵک زەحمەت بێت یا واتاکەی ئاسان خۆ بەدەستەوە نەدات؟ بە گشتی چ وڵامێک یا خود پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە زمانناسە کوردانە کە پێیان وایە زمانی کوردی دەبێ لە وشەگەلی خاریجی خاوێن بکرێتەوە لە جیاتی ئەوان دەستەواژە یان زاراوەی نوێیان بۆ ساز بکرێ؟

د. ڕەشید قەرەداخی: ئەگەر بەراووردی نوسینی ئێستای کوردی و نوسینی پێش حەفتا هەشتا ساڵ بکەین دەبینین نوسینی ئێستا زۆر خاوێن کراوەتەوە لە ووشەی عەرەبی و فارسی ئەگەرچی لە قسەکردندا گەلێکمان هێشتا زۆر ووشەی عەرەبی و فارسی بەکاردەهێنین. دەبێ نووسەر و وەرگێڕ و زمانناسی کوردی بەردەوام بن لە بژارکردنی زمانی کوردی لە ووشەی بێگانە بەمەرجێ ووشەی کوردی ڕەسەن یا داتاشراوی جوان و مانابەخشمان هەبێ بەکاری بهێنین لەباتی ئەو ووشە بێگانانە. وە ئەگەر هەر نەیشمان بوو ئەوا هیچ عەیب نییە ووشەی بێگانە بەکاربهێنین.

هەندێ ووشەی بێگانە هەن کورد وەری گرتون ئێستا بون بە موڵکی زمانی کوردی، واتە بە بەشێک لە زمانەکە، چونکە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ووشەکە هی بێگانەیە کورد دەنگەکەی گۆڕیوە و بە مانایەکی نەختێ جیاوازیش بەکاری دەهێنێ بۆیە دەڵێم بۆتە موڵکی زمانی کوردی و پێویست ناکات دەست لەوانەوە بدرێ چونکە چەسپیوون لە زمانەکەماندا.

زمانی ئینگلیزی بەو دەوڵەمەندییەوە پێی عەیب نییە هەزارەها ووشە لە زمانی ترەوە وەرگرێ ئەی کوردی بۆ پێی عەیب بێ؟ وەک دەبینین لەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەند بووە بەهۆی دۆزینەوەی ووشەی ڕەسەنی کۆنی کوردی و داتاشینی ووشەی جوانی تازەوە سوپاس بۆ وەرگێڕ و زماناناس و نوسەر و ڕۆشنبیری کورد. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ کەس کە لەکارەکە نازانن و سەرپێ یانە ووشە دادەتاشن و بەکاری دەهێنن زمانەکە تێک دەدەن چونکە خەڵکی تریش چاو لەوان دەکەن و ووشەکان بەکار دەهێنن و دەبێ بە ماڵ بەسەرمانەوە. ئەم ووشە داتاشراوە ناقۆڵا و ناشرینانە بە کوێرانە وەرگێڕاوون زۆربەی کات لە عەرەبییەوە و ئەو وەرگێڕانەش هیچ مانایەک نابەخشێ لە کوردیدا، لەبەر ئەوە نابێ بەکاریان بهێنین. دیاردەیەکی تریش دەبینرێ ئەویش زۆر بەکارهێنانی ووشە و زاراوەی ئینگلیزییە لەسەر تەلەفزیۆن و لە نوسیندا بەتایبەتی لەلایەن کوردی ئەوروپاوە بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن ئایا گوێ گر یا خوێنەرە کوردەکانیان ئەو زاراوانە تێ دەگەن یان نا. ڕاستە هەندێ جار ناچارین ئەم زاراوانە بەکاربهێنین بەڵام هەر شتێک لە ڕادەی خۆی دەرچو بێ- تام و ناشرین و زیانبەخش دەبێ.

کوردناسی: بە ڕای ئێوە بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردی وەرگێرە کوردەکانی لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانیترەوە بۆ سەر زمانی کوردی چ لە وەرگێڕانی دەقدا یان خۆ وەرگێرانی دەماودەم توشی گرفت کردووە یان توشی گرفتیان دەکات؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە؟

د. رەشید قەرەداخی: بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردی بەشێکە لە کێشە گەورەکانی زمانی کوردی و دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو شێوەزاری سەرەکی لە زمانی کوردیدا. بێ گومان ئەمەش هۆی سەرئێشەیەکی زۆرە بۆ وەرگێڕی کورد لە وەرگێڕانی زاریش و نوسینیشدا چونکە وەرگێڕێ بە شێوەزاری سۆرانی بدوێ و بیزانێ ناتوانێ کاری وەرگێڕی بکات بۆ شێوەزاری کرمانجی و بە پێچەوانەیشەوە وەرگێڕێ تەنها شێوەزاری کرمانجی بزانێ ناتوانێ کاری وەرگێڕی بکات بۆ شێوەزاری سۆرانی.

ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم کێشەی دوو شێوەزارییە هەیە لە زمانی کودریدا و چارەسەریشی وا ئاسان نییە مەگەر ڕۆژێ بێت زمانی یەکگرتو (ستاندەرد) بێتە کایەوە و وەرگێڕ ئەو زمانە یەکگرتووە بەکار بهێنێ لە وەرگێڕانەکەیدا بە شێوەیەکی سەرەکی و لە وەرگێڕانی زارەکیشدا بەپێ ی کۆڕەکە هەر وەرگێڕێک شێوەزاری دایکیی خۆی بەکار بهێنێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە چارەسەرێکی باش و بێ گیروگرفت نییە بۆ ئەم کێشەیە مەگەر یەکێک لەو دوو شێوەزارە بخرێتە پشتگوێ و شێوەزارەکەی تر بە زۆر بسەپێنرێ بەسەر هەمو کوردێکدا و ئەوەیش ڕێگەیەکی نادیموکراتی یانەیە و بڕوا ناکەم هیچ کوردێک پشتگیری بکات. کەوا بو

**چارەسەری ئەم کێشەیە وا زوبەزو و ئاسانی ناکرێ ئەبێ وەرگێڕ لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا تیاین هەرچۆنێ بێت هەڵ بکات.**

**کوردناسی: وەرگێڕانی دەقە زانستی و ئەکادێمی یەکان لە زمانەکانیترەوە  بۆ سەر زمانی کوردی بە ڕای ئێوە دەتوانێ چ یارمەتی یەک ببەخشێتە زمانی کوردی؟ چالاکی لەم چەشنە لە ناو وەرگێڕە کوردکاندا لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی: وەرگێڕانی دەقە زانستی و ئەکادیمییەکان لە زمانەکانی ترەوە بۆ کوردی یارمەتییەکی گەورەی زمانی کوردی دەدات چونکە دەوڵەمەندتری دەکات و زیاتر پێشی دەخات و پەرەی پێدەسەنێ. ئەم وەرگێڕانە خزمەتی گەورەی زمانی کوردی دەکات بە مەرجێ وەرگێڕ شارەزای زمان بێ چونکە لە کاتی ورگێڕاندا وەرگێڕ ناچار دەبێ ئەگەر ووشەیەک یا زاراوەیەک بەرامبەری نەبو لە کوردیدا ئەوا بۆی بگەڕێ و کاری لەسەر بکات چونکە مرۆڤ لە کاتی کارکردن و پێویست و ناچاریدا بیری باش دەکاتەوە و شتی تازە دەرۆزێتەوە بەڵام ئەگەر خەریک نەبێ بەم جۆرە کارەوە، واتا وەرگێڕان، ئەوا زمانەکە لە شوێنی خۆیدا دەوەستێ و پەرە ناسێنێ.**

**ئەگەر چی من شارەزای هەمو وەرگێڕانێک نیم کە کراوە بەڵام پێم وایە بەگشتی لەم بووارەدا کاری باش کراوە و هیچ کارێکیش بێ کەم و کوڕی نابێ.**

**کوردناسی: بەشی هەرە زۆری وەرگێڕە کوردەکان لە جیهاندا لە پیاوانی کورد پێکهاتوون هۆکارەکانی بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئا-بێ مەیلی ژنان و کچانی کورد بۆ بەشداری لە بواری وەرگێڕاندا و گەشەپێدانی؟ بێ-یان یاساکانی پیاوسالارانە لە ناو بنەماڵە کوردەکاندا؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی: دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە تەنها لەناو کوردا نییە بەڵکو لەناو هەمو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی تریشدا هەیە و هۆکاری سەرەکیشی بێ مەیلی ژن نییە بۆ کار کردن لە بوواری وەرگێڕاندا بەڵکو نەریتی کۆمەڵایەتییە کە تا ئێستا ڕێ ی تەواوی نەداوە بە ژن لە هەمو بووارێکدا وەک پیاو کاربکات. بەڵام ئەم نەریتی کۆمەڵایەتییە لە گۆڕانکارییەکی زۆر و بەردەوام دایە و دڵنیام لە ساڵانی داهاتودا زیاتر کچ و ژنی کورد دەبینین لە بوواری وەرگێڕاندا کار بکەن و لەو بڕوایەش دام سەرکەوتو دەبن لەکارەکەیاندا چونکە ژن هیچ لە پیاو توانای کەمتر نییە لە هیچ بووارێکدا.**

**کوردناسی: وەرگێڕە کوردەکان چەندە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لە سەر خۆرێکخستن و خۆ گونجاندنی دیاسپۆرای کوردی لە وڵاتەکانیتر؟ دەور و ڕۆڵی وەرگێڕە کوردەکان بۆ ئاشنا کردن و ناساندنی زیاتری کۆچبەر و پەنابەرەکان لە گەڵ فەرهەنگی گشتی وهاوچەرخ و ئەمڕۆیی لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکاندا چییە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی: ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ وەرگێڕانی کورد لە دەرەوەی ووڵات خۆیان جیا نەکردۆتەوە لە توێژەکانی تری کوردی کۆچکەر و پەنابەر و بڕواش ناکەم پێویست بەو خۆ لێ جیا کردنەوەیە بکات. ئەزانم وەرگێڕە کوردەکان لە ئەمەریکا ڕێکخراوی تایبەتی یان نییە، بەڵام نازانم لە ئەوروپا هەیانە یان نا.**

بێ گومان لەبەر ئەوەی وەرگێڕی کورد زمانی ئەو وولاتەی لێی جێگیر بوون باش دەزانی دەبێ ڕۆڵی دیاریان هەبێ لە پێناسینی کوردی تر بە فەرهەنگ و کلتوری ئەو وولاتە.

کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئاشنا بوونی کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی وڵات بە زمانەکانیتر،کە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئاشنا بوون بە فەرهەنگی جیاواز و مۆدێرن تا چەند دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە گەشە پێدان و مۆدێرنە کردنی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگای کوردستان؟

د. ڕەشید قەرەداخی: هەر وەک هەمو دەزانین پەیوەندیی ئەلەکترۆنی هەموو جیهانی وەک دێیەک لێ کردووە و هەمو خوو و نەریت و فەرهەنگ و کلتوری وولاتێک کاریگەر دەبێتە سەر خوو و نەریت و فەرهەنگ و کلتوری وولاتانی تر بەتایبەتی هی وولاتە ڕۆژاواییەکان بۆ سەر وولاتانی تری جیهان. وە لەبەر ئەوەی کۆچکەر و پەنابەری کورد هەموی ڕووی کردۆتە وولاتە ڕۆژاواییەکان بێ گومان خوو نەریت و فەرهنگ و کلتوری هونەر و زمانی ئەم وولاتانە کاریان تێ دەکات و ئەمانیش کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بە سەردان بێ یا بەهەمیشەیی ئەوەی کە فێری بوون باش بێ یا خراپ دەیگەیێننە خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە بەداخەوە لە بەرنامەی سەر تەلەفزیۆنی کوردی و نوسینی کوردیدا لەم چەند ساڵەی ڕابوردودا بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزی زۆر بووە کە ئەمەش هەندێکی لەوانەیە لە ناچاریدا بێ، بەڵام ووشەی کوردیمان هەیە بۆ زۆری ووشەکانی تر بۆیە پێویست ناکات ووشەی ئینگلیزی بەکار بهێنین. ئەگەر گوێگر یا خوێنەر ئەو ووشە ئینگلیزییانە تێ بگات ئەوا باشە، بەڵام ئەگەر تێی نەگات ئەوا سەری لێ دەشێوێ و لە باسەکە تێ ناگات بە باشی. بۆیە دەبێ زۆر ووریا بین لە بەکارهێنانی ئەم ووشە ئینگلیزی یانەدا.

کوردناسی: هۆکار و بەربەستەکانی فیر بوونی دروستی زمانە دەرەکییەکان (ئینگلیزی. سویدی، نۆروێژی، فینلاندی، دانیمارکی، ئیسپانیایی، ئاڵمانی، فەرانسەیی، هۆڵاندی و...هیتر) لە ناو پەنابەرانی کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لە چیدا دەبینن؟

د. ڕەشید قەرەداخی: هۆکاری باش فێر نەبوونی زمانە بێگانەکان، ئینگلیزی بێ یا ئەڵمانی یا سویدی ... هتد دەگەڕێتەوە بۆ تەمەن گەورەیی و تێکەڵاو نەبوون لەگەڵ خەڵکی ئەو وولاتانەی زمانی سەرەکییان یەکێکە لەم زمانانە و دڵ نەدان بە فێربونی ئەم زمانانە. دەتوانم بڵێم گەورەیی تەمەن هۆی هەرە سەرەکی زمان باش فێرنەبوونە چونکە وەک هەمو دەزانین تەمەنی منداڵی باشترین تەمەنە بۆ فێربونی زمان و لە دوای تەمەنی بیست ساڵییەوە زمان فێر بوون بە باشی کارێکی ئاسان نییە مەگەر ئەو کەسە هەوڵێکی ئێجگار زۆر بدات و لە قوتابخانە بە ڕێک و پێکی فێر ببێ.

وە لەبەر ئەوەی زۆربەی کۆچکەر و پەنابەری کورد تەمەنیان لە بیست ساڵ بەرەوژورە دەبینین تەنها ئەوەندە زمان فێر دەبن کە ئیش و کاری ڕۆژانەی پێ جێبەجێ بکەن بەڵام زمانەکەیان لە ئاستێکی زۆر باشدا نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین منداڵی کۆچکەر و پەنابەرەکان کە لەو کاتەدا کە چوونەتە هەندەران تەمەنیان لە پانزە ساڵ کەمتر بووە زمانەکە زۆر باش فێر بوون هەر وەک لەو وولاتە خۆیدا لە دایک بووبن. بێ گومان ئەوانەی تەمەنیان وا

بچوک بێ دەیشچنە قوتابخانە و تێکەڵاوییان لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیاندا زۆر دەبێ کە ئەمەیش یارمەتییەکی گەورەیە بۆ فێر بوونی زمانەکە.

هۆی دووەمی زمان باش فێرنەبوون تێکەڵاو نەبوونە لەگەڵ خەڵکی ئەو وولاتە. وەک ئاشکرایە باشترین ڕێگە بۆ فێر بونی زمان بەکارهێنانی ئەو زمانەیە وە وەک دەزانین زۆربەی هەڵسوکەوتی کوردی کۆچکەر و پەنابەر لەگەڵ کوردی تر دایە لەو وولاتەی لێی نیشتەجێ بوون وە ئەمانیش کە یەک دەگرن زۆربەی کات بە کوردی دەدوێن نەک بە زمانی ئەو وولاتەی لێین. وە ئەوەی کاری نەبێت یا کارێکی وەهای نەبێ کە پێویست بکات زمان زۆر بەکاربهێنێ لەگەڵ دانیشتووانی ئەو وولاتەدا ئەوەندە پێویستی بە بەکارهێنانی زمان زۆر نییە تەنها لە کاتی شت کڕیندا نەبێ لەبازاڕ و هەندێ پەیوەندی ناچاری-تر کە ئەوەیش پێویستی هەر بە پلەیەکی سەرەتایی زمانەکەیە بۆ ئیش و کارڕایی کردن بۆیە ئەوانەی تەمەنیان لە بیست ساڵ زیاترە و لە زانکۆنین و کارێکی وەهایان نییە کە پێویستی زۆر بە زمان بێ زمانەکە باش فێر نابن.

هۆی سێهەمی زمان باش فێر نەبونیش دڵ نەدانە بەفێر بوونی زمان بەتایبەتی ئەگەر کەسێک خۆی زۆر حەز لە زمان نەکات و زۆر پێویستی نەبێ بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی و لەتەمەندا بێ.

کوردناسی: گۆڕینی زمان لە هەر کۆمەڵگایێکدا ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ و لەوانەیە یەکێ لە ئەستەمترین ئەگەرەکانی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایێک بێت. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵکی کورد بە زاراوەگەلی جۆراوجۆر ئاخافتن دەکەن بەڵام بە هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی کوردەکانی نیشتەجێ لە هەر کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوازێکی بەر بەرین ئاشناییان لە تەک زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی و ...)یش هەیە. بەڵام ڕاتان چییە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بکرێ بە زمانی دووهەمی خەڵکی کورد؟ پێتان وایە زمانی ئینگلیزی بتوانێ بۆشاییەکان و کەم وکوڕییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانستدا لە بوارەکانی تایبەتی و هەروەها لە بواری پەروەردە و فێرکردن (آموزش و پرورش)دا پڕ بکاتەوە؟ هەنگاوە سەرەتایی و ئامادەکارییەکانی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا لە چیدا دەبینن؟

د. ڕەشید قەرەداخی: ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ زمانی ئینگلیزی ئێستا بووە بە زمانی دووەم لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا چونکە گرنگترین زمانی جیهانە و زمانی زانست و تەکنۆلۆجیایە وە کەم تا زۆر بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لە زۆربەی وولاتان پێویستی بە فێربوون و بەکارهێنانی ئەم زمانەیە. کەوابو ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمیش ئینگلیزی نەکرێ بە زمانی دووەم لە کوردستاندا پێویستە ئەوەندە بایەخی پێ بدرێ لە قوتابخانە و زانکۆکاندا کە لە ڕاستیدا وەک زمانی دووەمی لێ بێت. وە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پێویستییە دەبێ هەر لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە زمانی ئینگلیزی ڕۆژی سەعاتێک بخوێنرێ چونکە ئەو تەمەنە باشترین تەمەنە بۆ زمان فێربوون. وە دەبێ لە قۆناغەکانی تری خوێندنیشدا زیاتر بایەخ بەم زمانە بدرێ بۆ ئەوەی نەوەی تازەی کوردستان ئامادە بن بۆ پێویستییەکانی ژیانی دوارۆژ. ئەم بایەخ دانەش بە ئینگلیزی سودی زۆر دەبێ بۆ گەل و وولاتەکەمان لە بوواری زانستدا. بەڵام دەبێ ئەم

ئینگلیزی خوێندنە لەسەر بنەمایەکی تازە و چاک دابڕێژرێ نەک وەک هی جاران کە سوودی کەم بوو.

ئەم بایەخ دانەش بە ئینگلیزی ئەوە ناگەیێنێ کە ئیتر زمانی عەرەبی بەتایبەتی و فارسی و تورکی فێر نەبین چونکە لە کاتێکدا کە کوردستان بە تەواویش ئازاد بێ و دەوڵەتی کوردی بێتە کایەوە کە گومانم نییە هەر دەبێ و بەرێوەیە، ئێمە پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسیمان هەر بەردەوام دەبێ لەگەڵ عەرەب و فارس و تورکدا بۆیە پێویستە زمانەکانیان فێر بین و بیزانین بەتایبەتی زمانی عەرەبی چونکە زمانێکی گرنگە لە ناوچەکەدا.

کوردناسی: بیروڕای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نوسی دوو زمانەوە چیە؟

د. ڕەشید قەرەداخی: فەرهەنگ دانان هونەرێکە وەک هەموو جۆرە هونەرێکی تر. دانەری فەرهەنگی دوو زمانە پێویستە شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەردوو زمانەکەدا و لە کۆمەڵگای هەردوو زمانەکەدا ژیابێ بۆ ماوەیەکی زۆر و شارەزای نەریت و باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و فۆلکلۆری و زانستی و ئابوری ... هتد هەردوو کۆمەڵگاکە بێ.

گەلێ کەس وادەزانن فەرهەنگ دانان بریتیە تەنها لە وەرگێڕانی ووشە بە ووشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. ڕاستە بەشێکی زۆری فەرهەنگ دانان بریتیە لە وەرگێڕان، بەڵام لە ڕاستیدا فەرهەنگ دانان زۆر زیاترە لەوە وە ئەگەر فەرهەنگ دانەر هەر پشت بە وەرگێڕانەوە ببەستێ ئەوا توشی هەڵەی گەورە دەبێ. هەر بۆیە دەڵێم فەرهەنگ دانەر نابێ تەنها هەر زمانی دووەمی خوێندبێ و بڕوانامەی تێدا وەرگرتبێ بەڵکو دەبێ ماوەیەکی زۆر لەو وولاتەدا ژیابێ کە ئەو زمانەی تێدا بەکاردەهێنن بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باش پەیدا بکات لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانەکەدا نەک هەر پشت ببەستێ بە زمانی ناو کتێب.

هەروەها باشترە کە فەرهەنگ دانەر سەرەڕای شارەزاییەکی باش لە دوو زمانەکەدا شارەزای زمانی تریش بێ بەگوێرەی توانا چونکە ئەو شارەزاییە یارمەتی دەدات گەلێ گرێ کوێرە بکاتەوە کە دێتە ڕێی. فەرهەنگی دوو زمانە دەبێ وا بنوسرێ کە فێربوونی زمانەکە ئاسان بکا بۆ خوێنەر. بۆ نمونە، فەرهەنگی دوو زمانە دەبێ پێشانی بدات جۆری ووشە سەرەکییەکان چیە لە ڕووی ڕێزمانەوە (کردار، ناو، ئاوڵ ناو ... هتد). هەروەها دەبێ زمانێکی ڕوون و پاراو و ڕەسەن بەکاربهێنێ لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی ماناە ووشە سەرەکییەکاندا و بەگوێرەی توانا و پێویست ووشەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنێ و چۆنیەتی بێژان یا ووتنی ووشەکان پێشان بدات لە ڕووی (فۆنێتیک)ەوە.

کوردناسی: تا ئیمرۆ فەرهەنگ گەلی جۆراوجۆر لە زمانەکانە ئینگلیزی، سویدی، ئەڵمانی، فارسی، عەرەبی و ... بە کوردە یا بە پێچەوانەوە نوسراون. ڕای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نووسی دوو زمانە کوردییەوە چیە؟

د. ڕەشید قەرەداخی: لە بارەی نوسینی فەرهەنگی دوو زمانە کوردییەوە، واتە کوردی ـ کوردی، دەمەوێ بڵێم کارێکی زۆر گرانە و گرانترە لە دانانی فەرهەنگی کوردی بۆ زمانێکی تر یا بە

پێچەوانەوە چونکە هەزاران ووشە هەن کە ئەگەرچی ماناکانیان باش دەزانی ناتوانی ماناکانیان لێک بدەیتەوە بە هەمان زمان.

به پێی زانیاری من یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ کوردی "فەرهەنگی خاڵە کە خوالێخۆشبوو (شێخ محمدی خاڵ) دای ناوە و لە سێ بەرگ پێکهاتووە و لە ساڵانی ۱۹٦۰، ۱۹٦٤، ۱۹۷٤ بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە کارێکی زۆر گەورە و بە سوود و گرنگە.

لە دوای "فەرهەنگی خاڵ"ەوە دوو فەرهەنگی تری کوردی ـ کوردی دانراون: "فەرهەنگی کشتوکاڵ" کە خوالێخۆشبوو (معروف قەرەداخی مەردۆخی) دایناوە (۱۹۷۲)، وە "فەرهەنگی کوردستان" نوسینی خوالێخۆشبوو (گیو موکریانی) (۱۹۹۹).

خوینەر و خوێندەواری کورد پێویستی بە فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردی نوێ و فراوان هەیە کە لە ئاستی پێویستییەکانی ئەم سەردەمەدا بێ. ئەم کارە گەورەیەش بە تاکە کەسێک ناکرێ بەڵکو کاری دەستەیەک زمانەوانی لێهاتوی کوردە بە پشتیوانی حکومەتی کوردستان.

کوردناسی: مێژووی فەرهەنگ نووسی لە نێوان کوردەکانا کەی دەسی پێکراوە؟

د. رەشید قەرەداخی: کورد لە کۆنەوە دەسی کردووە بە فەرهەنگ نوسین. بە پێی "فەرهەنگی خاڵ" یەکەم فەرهەنگ لە کوردیدا فەرهەنگێکی عەرەبی–کوردییە کە شاعیرە مەزنی کورد (ئەحمەدی خانی) ساڵی ١٦٧٥ دایناوە بە شێوەی شیعر/هۆنراوە بە ناوی "نەوبەهار"ەوە.

پتر لە سەد ساڵ دوای ئەوە (شێخ مارفی نۆدێیی) فەرهەنگی (ئەحمەدی) عەرەبی ـ کوردی داناوە بە شێوەی شیعر/هۆنراوە. ئیتر لە ناوەڕاستی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە چەندەها فەرهەنگی کوردی بۆ زمانی تر یا بە پێچەوانەوە نوسراوە.

بە ناوبانگترین و کۆنترینی ئەم فەرهەنگانە سیانن. "فەرهەنگی مەردۆخ" کە فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی ـ عەرەبییە (محمد مەردۆخ) دایناوە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکراوەتەوە. "فەرهەنگی خاڵ" کە فەرهەنگێکی سێ بەرگی کوردی ـ کوردییە (شێخ محمدی خاڵ) دایناوە و ساڵانی ۱۹٦۰، ۱۹٦٤، ۱۹۷٤ بڵاوکراوەتەوە. فەرهەنگی سێهەمیش فەرهەنگیکی کوردی–ئینگلیزییە لە لایەن (تۆفیق وەهبی و ئێدمەندز)ەوە دانراوە و ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە. دوای ئەم سێ فەرهەنگەش چەندەها فەرهەنگی تر نوسراوە.

کوردناسی: فەرهەنگ نوسی لە نێوان کوردەکانا لە مێژووی هاوچەرخدا چۆن ئەبینی؟

د. رەشید قەرەداخی: کورد هەمیشە بایەخێکی زۆری داوە بە زمانەکەی ئەگەر نا زمانی کوردی دەمێک بو لە ناو چوبوو چونکە بە درێژایی مێژوو دوژمنانی کورد نەک تەنها هەوڵیان داوە بۆ لە ناوبردنی گەلەکە خۆی بەڵکو زمانەکەیشی.

فەرهەنگ بەشێکی زۆر گرنگە لە پاراستن و گەشە پێدان و فێرکردنی زمان و زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتنی گەلان لە یەکتر و فێربوونی زمانی یەکتر و سود لە یەکتر وەرگرتن. لە چاو ئەو هەموو کەن و کۆسپەی لە رێی زمانی کوردیدا هەبووە و هەیە فەرهەنگ نوسین لە ناو کوردا لە

ئاستێکی باشدایە تا ڕادەیەک بەڵام دەبێ زیاتر کاری تێدا بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە خزمەت کردن و پاڵپشتییەکی زۆرە لە لایەن زمانەوان و حکومەتی کوردستانەوە. بۆ نمونە، پێویستە بەردەوام بین لە پیاچونەوەی ئەو فەرهەنگانەی کە هەن و لە دانانی فەرهەنگی نوێ چونکە وەک ئاشکرایە زمان هەمیشە لە پەرەسەندن و گۆڕندایە هەر بۆیە دەبێ بوواری فەرهەنگ نوسین بایەخی زیاتری پێ بدرێ.

لەم ڕووەوە لە پێش هەموو شتێکدا پێویستمان بە فەرهەنگێکی فراوان و گشتی کوردی-کوردی هەیە و بۆ ئەنجامدانە ئەم کارەش دەتوانرێ کارە مەزنەکەی خوالێخۆشبو مامۆستا (شێخ محمدی خاڵ) بە بناغەیەکی سەرەکی دابنرێ. هەروەها پێویستمان بە فەرهەنگی ترە لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر و لە زمانەکانی تریشەوە بۆ کوردی.

وە مەرجیش نییە فەرهەنگ هەر تاکە کەسێک بینوسێ، وەک تا ئێستا کردومانە، بەڵکو بە هاوکارە چەند زمانەوانێکی شارەزا بنوسرێ کە خۆیان تەرخان کەن بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە پێویست و پیرۆزە بە پشتیوانییەکی دارایی تەواوی حکومەتی کوردستان.

www.helwist.com